## سەردانەواندن بۆ بوت و خوداکان چ سوودێکی هەیە

دوای تێپەڕبوونی چەند هەزار ساڵ شوشتنەوەی مێشك لە لایەن ئایینە جۆراوجۆرەکان کە هەر هەموویان لە لایەن خودی مرۆڤەوە دۆزراونەتەوە، بۆ زۆربەی مرۆڤی مودێرنی ئەمڕۆیی و بە تایبەت ناوچە ڕۆژئاواییەکان ئەو دیاردەیە شتێك زیاتر لە خورافات نییە. بۆ تێگەیشتن لە لۆژیکی دەروونی ئایینی دەبێ لە لۆژیکی ڕاوەستاو لە پشت بوت و خودا چێکراوەکان لە لایەن مرۆڤەوە حاڵی بین. پەرەستینی چەند خودایی ئەو بۆچوونە ڕەد ناکاتەوە کە تەنیا یەك یاسا یاخود یەك هێز لە پشت تەواوی ئونیوێزام ڕاوەستاوە. بە پێچەوانە زۆربەی پەرستینی چەند خودایی و تەنانەت ئایینە ئانیمیستەکانیش دان بەوە دادەنێن کە لە پشت زۆربەی خوداکان، دێو و درنجەکان و بەرد و دارە پیرۆزەکان، هێزێکی مەزن ڕاوەستاوە. لە پەرەستنی چەند خودایی کلاسیکی یۆنانی کەوەندا زئۆس "Zeus"، هرا "Hera"، ئاپۆلۆ "Apollo" و خودا هاوکارەکانیتریان سەرەڕای ئەویکە وەك هێزێکی بە توانا باسیان لێوە کراوە، بە پێی کات هەموویان لە ناو چوون. هەروەها خوداکانی پانتئۆنی گێرمانیش چارەنووسێکی هاوچەشنی خودا یۆنانییەکانیان تووش هات و هەموویان توونا کران. پەرەستشی چەند ئایینی ڕۆژئاوای ئەفریقا وەك یۆربا "Yoruba" و ئۆلۆدومارە "Olodumare" و ... جیا لە فانتازیای تاقمێك مرۆڤ هیچ ئاسەوارێکیان لێ بەجێ نەماوەتەوە. لە هیندوستانیش هەزاران خودا، ڕۆح، جڕ و جانەوەر، مرۆڤ و ... بیر و مێشکی خەڵکانی ئەو ناوچانەیان بەخۆوە خەریك کردووە.

زۆربەی ئایینە چەند خوداییەکان پرەنسیپێکی بنەڕەتی و سەرەکیی هاوچەشنیان هەیە کە لە ئایینی تەك خودای جیاوازیان دەکات. لەواندا مەزنترین هێزی ئونیوێرزام هیچ خۆشەویستییەکی بۆ مرۆڤ و بوونەوەران نییە و هیچ تامەزرۆییەك بۆ ئارەزووەکان، خەمەکان و هەروەها کاتی تەنگانە یان لە خوی نیشان نادا. لەوێدا هیچ مانایەکی نییە داوا لەو هێزانە بکرێ بۆ سەرکەوتوویی لە شەڕ، وەرگرتنی سلامەتی یا بارینی باران یارمەتیدەریان بێ. هیچ بۆی گرنگ نییە شای وڵاتێک لە شەڕدا سەرکەوتوو دەبێ یا نا، مرۆڤ یا ئاژەڵێك نەخۆشە، ساغ دەبێتەوە یا دەمرێ، یاخود ئیمپراتۆرییەك بەربڵاو دەبێتەوە یا لێك هەڵدەوەشێتەوە. بەو هۆیانە یۆنانییەکان هیچ خۆیان پێوە ماندوو نەدەکرد یاخود بە پێویستیان نەدەزانی بۆ خوداکانیان قوربانی بدەن. هیندییەکانیش هیچ تامەزرۆییەکیان بۆ دروستکردنی پەرستگە بۆ ئاتمن "Atman" لە خۆیان نیشان نەداوە.

بۆ سەلماندنی هێزێکی تەواو و کامیل تەنیا ئەو کارە ژیرانەیە پێویست بووە، مرۆڤ بەسەر هەموو نیازە دنیاییەکانیدا زەفەر بەرێ و ڕاستییەکانی ژیانی بەو شێوەیەی کە هەن بسەلمێنێ، وەك : لەمپەرەکان، شکەستەکان، فەقیری، نەخۆشی و مردن. تاقمێك لە

مرۆڤی هیندی به ناوی سدهوس "Sadhus" یا سانجیاسین "Sannyasins" ژیانی خۆیان به ڕۆحی جیهانییەوە بەستۆتەوە و چاوەڕوانی ڕۆشناییان لێ کردووە. مەبەستیان لەو کارە دیتنی دنیا لە ڕوانگە و لە چاوی ئاتمن "Atman"ەوەیە و لەو ڕێگایەوە ترسەکانیان و لۆژیکی ژیانیان پێ ڕوون کردۆتەوە.

زۆربەی مرۆڤی هیندی سەر بە سدهوس "Sadhus" نین و هەتا بنەقاقەیان لە بڵقاو و زەلکاوی تەنگانەی ژیانیاندا گیریان کردووە و لەو بارودۆخەدا ئاتمن "Atman" بە فریایان نەهاتووە و نایە. بۆ ئەوەی خۆیان لەو بارودۆخە دژوارە ڕەها کەن، خۆ بە خوداکانەوە هەڵدەواسن. بەو هۆیەی خوداکانی وەك گانشا "Ganesha "، لشکمی "Lakshmi" یا ساراسواتی "Saraswati" هێزەکەیان تەواو نییە و خۆیان بە کاریترەوە خەریك کردووە، ناتوانن بە فریایان بگەن. ئەو پێرانەگەییشتنە دەبێتە هۆی ئەویکە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوداکان لە لایەن مرۆڤەکانەوە قوربانیان بۆ بدرێ.

تەواو ئەو کارە ناسینی بڕیاردەرە بۆ پەرەستنی چەند خودایی: مەزنترین هێزەکانی ئونیوێرزام هیچ خۆشەویستییەکی بۆ مرۆڤ و بوونەوەران نییە و هیچ تامەزرۆییەك بۆ ئارەزووەکان، خەمەکان و هەروەها کاتی تەنگانە ی مرۆڤ لە خوی نیشان نادا و خۆی بە کێشەکانیانەوە خەریك ناکا.

خاڵی سرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەو ناسینە لە ئایینەکەدا بۆ مرۆڤ تولەرانس پێك دێنێ. چونکە مرۆڤی باوەڕداری چەند خودایی لە لایەکەوە باوەڕی بە هێزێکی مەزنی تەواو و کامیل هەیە و لە لایەکیتریشەوە متمانە بە چەندین خودای بچووکتر دەکات، بۆیان زۆر دژوار نابێ بێنە سەر ئەو باوەڕە کە لە پەنا خودا مەزنەکەیاندا چەندین خودایتریش دابنێن. هەر بەو هۆیانەوە مرۆڤی باوەڕپیکەری چەند خودایی لە هەنبەر ئایینەکانیتر و مرۆڤی بێ باوەڕ لە خۆیان زیاتر تولورانس نیشان دەدەن.

تەنانەت ئەو کاتەی کۆمەڵی باوەڕداری چەند خودایی ناوچە بێگانەکانیان داگیر کردووە، هەوڵیان نەداوە بە زۆریی خەڵکەکە بێننە سەر ئایینی خۆیان و ناچار بە سەردانەواندن لەبەر خوداکانیان بکەن. میسری، ڕۆمیی و ئازتکەکان تەبلیغچیانی خۆیان بۆ ناوچە داگیرکراوەکانیان نەناردووە کە فەرهەنگ و داب و نەریتی ئزیریس "Osiris"، مشتری "Jupiter" یا هویتزیلوپوچتیلی "Huitzilopochtli"(خوای مەزنی ئازتکەکان)یان بۆ بڵاو کەنەوە. دیارە خەڵکانی ژێر فەرمانڕەواییەکانیان دەبوو لای کەم ڕێز بۆ داب و نەریت و ئایینی حکومڕانانیان دابنێن بەڵام هیچکات ناچار بە سەلماندنی ئەوان نەدەکران و لە ئازادیدا دەیانتوانی ئایین و خوداکانی خۆیان بپارێزن و ستایشیان بکەن.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

ئەو خودایەی، ڕۆمییەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ نەیانتوانیوە بیسەلمێنن، خودای مەسیحیەکان بووە. سەرەڕای ئەوەش ڕۆمییەکان هیچکات لە مەسیحییەکانیان نەویستووە چاوپۆشی لە ئایینەکەی خۆیان بکەن. تەنیا چاوەڕوانیان ئەوە بووە کە مەسیحیەکان ڕێز بۆ خودای ڕۆمیەکان دابنێن و بە چاوی سووك سەیریان نەکەن. تەنیا ئەوکاتەی تاقمێك لە گرووپە مەسیحیە فناتیکەکان نەیانویستوە ڕێز بۆ خودای ڕۆمیەکان دابنێن، لە لایەن ئیمپراتۆری ڕۆم بە هۆی ڕقەبەرایەتی سیاسیەوە لەژێر گوشار داندراون. ئەو ڕقەبەرایەتییە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ کێشە و شەڕی نێوان خودی مەسیحیەکان لە سەدەی ١٦ و ١٧ەدا کە زیاتر لە میلیۆنان کەسی قوربانی دا و تەواوی وڵاتانی ئورووپای گرتەوە، کارەساتێکی بچکوولانە بووە.

درێژەی هەیە...